دەزگای ئاسایشی وەتەنی نەرویج 15 دیپلۆماتکاری ڕوسی دەرکرد لە وڵاتەکەی



دەزگای ئاسایشی وەتەنی نەرویج 15 دیپلۆماتکاری ڕوسی دەرکرد لە وڵاتەکەی، بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ هاوکاریکردنی چەند دیپلۆماسی نەرویجی بۆ ئۆپەڕاسیۆنی کاری سیخوڕی بۆ ڕوسیا بکەن.

بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری نەرویج ئینگەر هەکلاند لە کۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، دەرکردنەکە مەترسی هەڕەشەکردن لە هەواڵگری ڕوسیا بۆ نەرویج کەم دەکاتەوە بە کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو بەرپرسانەی کە لەژێر ڕووی دیپلۆماسیدا کاردەکەن. بەیارەکەی نەرویج گەورەترین دەرکردنی دیپلۆماتکارانی ڕوسیایە و دوایین هەنگاوە لە زنجیرەیەک هەنگاوی هاوشێوە لەلایەن وڵاتانی ڕۆژئاوا لەوتنەی دەستپێکردنی هەرش بۆ سەر ئۆکرانیا لەلایەن ڕوسیاوە.